# وەڵامێك بەوەڵامەكەی (عیماد ئەحمەد)، سەرۆكی حكومەتی ئیدارەی سلێمانی بەوەكالەت

**_مامۆستا عەباس_**

پێشەكیەكی كورت



ئەو لاوەی كە لەم وێنەیەدایەو قاچێكی لەژوور ئەژنۆوە بڕاوەتەوە بەهۆی یاریكردنەوە نەبووە لەگەڵ كۆمەڵێ هاوڕێیدا لەكێڵگەیەكداو مینێكی پێ تەقیبێتەوەو ئەو كارەساتەی لێ كەوتبێتەوە، یاخود ــــ كۆڵ بەكۆڵی سەر سنوورەكان نەبووە هەمان چارەنووسی ڕووبەڕوو بووبێتەوە، یاخود خەونی بەهەشتی ئەوروپاو واقعیەتی تاڵی كوردستانو نەبوونی هیچ ئاسۆی ئومێدێك لەسایەی دەسەلاّتی حاكمانی كوردستاندا، هەموخۆزگەی لەكۆڵ نابێتو لەو سەر سنوورانە مینێكی پیا تەقیبێتەوە، یان بەهۆی تەقەكردنی میتی توركی یاخود پاسداری ئێرانی سەرسنوورەكانەوە ئەو كارەساتەی لێكەوتبێتەوە، ئەمەیان تەنانەت نیشانەی دڵسۆزی دكتۆرێك نیە كەبەهۆی نەخۆشییەكی پیسەوە بۆ درێژەدان بەتەمەنی ئەو لاوە قاچێكی بڕیبێتەوە، ئەمەیان لەئەنجامی ڕێژنەی گوللەباران كردنو تەقەكردنی پۆلیسەكانی حكومەتەكەی (عیماد ئەحمەد)ی سەرۆك بەوەكالەتی ئیدارەی سلێمانی یە لەخۆپیشاندەرەكانی كەلاری 2005/9/7 ئەم وێنەیە زامێكی قووڵو برینێكە كە هەتاهەتایە زووخاوی لێدەتكێ، كەهەموو ساتێكی مەرگێكەو مەرگێكی شێنەیی، ئەوە (كاروان حەسەن عەزیز)ی لەدایكبووی ساڵی (1987)ە كەلەلایەن پۆلیسو ئاسایشی كەلارەوە لەو ڕۆژەدا تەقەی لێكراوەو بەو دەردەیان بردو (سامانو بابان) یشیان بریندار كرد.

ئەوەی سەرەوە وەكو سەرەتایەك بۆ وەلاّم دانەوەی (عیماد ئەحمەد) چونكە لەچاوپێكەوتنێكدا سەرۆكی حكومەت بەوەكالەت (ئیدارەی سلێمانی) لەگەڵ ڕۆژنامەی هاووڵاّتی ژمارە 243، چوارشەممە 2005/9/28 دا لەوەڵاّمی پرسیارێكی ڕۆژنامەی هاوڵاّتی دا لەپەیوەند بەئاكامو ئەنجامەكانی خۆپیشاندانەكەی شاری كەلار ـــــــــ هاوڵاّتی بەم شێوەیە دەپرسێ (( بەلاّم خەڵك بەردی هاویشتو پۆلیس فیشەكی پێوە نان، خەڵك هەیە بەهۆی ئەو فیشەكانەوە قاچی بڕاوەتەوە ))

عیماد ئەحمەد دەڵی من شتی وام نەبیستووە، ئەم نەبیستنە ئەگەر ڕووداوێكی ئاسایی بوایە بە عەقڵەوە دەچوو بەڵام ئەم نەبیستنە بێ هۆ نیە ئەو لە پرسیاری پێشوودا ئاگای لە ژمارەی پولیسە بریندارەكان هەیە ئاگای لە ــــ هتد هەیە بەڵام وەختێ ڕیزی خەڵكی دێتە پێشەوە نە ئاگای لێیەو نە شتی وای بیستووە، ئێوە دەنگی خەڵك وبریندارببوونو قاچ بڕانەوەی خەڵكتان نەبیستووە !! چوونكە ئەم ئەم دەنگە كە لە گەرووی هەزارەها خەڵكیەوە هاتەدەرو ئێوەی پێ ناڕەحەت بوون وبڕیاری تەقە كردنتان دا لە خەڵكیو ویستتان ئەودەنگە كپكەنەوە، ئەو دەنگە كپ نەبوەوە، ئەو دەنگە ڕۆژانە هەزارەها جار ناڕەزایی بەرامبەر ژیانی خۆی وتەواوی كۆمەڵگا دەردەبڕێ، بەلاّم خۆتانو هەموو كەس باش دەزانن كە سوپاو پۆلیس بۆ چییە ئەگەر بۆ ڕۆژێكی وا نەبێو گوللە نەنێتە سەر سەنگی سامانو لاملی بابانو ئەژنۆێ كاروان. وە نابێت ڕاستیەكەی بخرێتە پێش چاوی خەڵك هەروەك جەنابتان تەئكیدتان لە دڵسۆزی حزبو حكومەتەكەتان كردوە بۆ ئەم میللەتەو ئەم كۆمەڵگایە.

چوونكە لە ڕوانگەی ئێوەو تەواوی ئەحزاب ڕێكخراوەكانەوە تەقە كردن لە خەڵكی شتێكی زۆر ئاساییە چونكە حكومەت باوكی میللەتە وەدەبێت میللەت هەمیشە دەست لە سەر سنگ بە پێوە بوەستنو بێدەنگی هەڵبژێرنو بەشداری خۆپیشاندانە جەماوەرییەكەی كەلارو سلێمانیو ڕانیە نەكەنو بەواقعی دیموكراسیشتان نیشانی خەڵك دا لە لولەی تفەنگەكانتانەوە.

چی لەوە دڵسۆزی ترە لەبەرامبەر ئاوو كارەباو سووتەمەنی دەستڕێژ لەخەڵكی بكەن... ئێوە دەنگی ئەم خەڵكەتان ناوێ بۆپەردە هەڵماڵین لە دزیو جەردەیی بێ حەدو حسابتان، ئێوە دەنگی ئەم خەڵكەتان ناوێ، دەنگی خەڵكێك بەكەڵكی چی دێ ئەگەر بپرسێ سەروەتو سامانی ئەم كۆمەڵگایەتان بۆ كوێ بردوە؟ پولو پارەتان بێ ئەژمارە، دەنگێكی وا باشتر وایە لەگەروودا بتاسێنرێت بەفیشەكی پۆلیسو ئاسایشی خۆماڵی! ڕەنگە جێگای سەرسوڕمان بێت بۆ فیشەكێك بەدەستی پارێزەرانی ئەم خاكو ئاوە خەڵكی بریندار دەكات یاخود دەبێتە هۆی قاچ بڕینەوە؟ شتی وا مەگەر لەدیموكراسیەكەی حكومەتی خۆماڵیدا بێت، ئەگەر دیموكراسی بریندار كردنو قاچ بڕینەوەی بەدواوە بێ، ئەگەر دڵسۆزیتان بەم شێوەیە بێت، ئەی ڕق وقینتان پێوانە هەیە بیپێوێ ؟! دڵسۆزیتان تاكە نمونەی پێوانەیە بۆ لەمەحەك دانی دڵسۆزی لەدنیادا، لەهەوڵی ئەوەدان دیموكراسیەكەتان بەرەو بەغدا پەل بكوتێ، ئەو خەڵكەی دەنگی بەرز كردەوە لەئاستاندا نایبینن، بەلاّم ئێوە دەنگێكتان ئەوێ بەپێی میزاجو بەرژەوەندیەكانی خۆتان وبەس، ئێوە ئەوكاتە خەڵكتان دەوێ دەنگ هەڵبڕێو بێتە سەر شەقام كە ناكۆكی قەومیو مەزهەبیو ڕەگەزی توندترو خوێناوی تر بكاتەوە، ئێوە دەنگتان بۆ ماددەی پەنجاو هەشت دەوێ، ئێوە دەنگتان بۆ چەسپاندنی دەستووری قەومی مەزهەبی وعەشیرەتی دەوێ، بەكورتی ئێوە دەنگتان دەوێ، نەك كۆمەڵگا بەهەموو پێوانەیەكی مۆدێرن... دڵسۆزیشتان هەر بۆ ئەوەیە كە كەس هیچ نەڵێو تەنها "بەڵێ"تان بۆ بكات، ئەوە نیە ئاوو كارەباو سووتەمەنی چوە خوێنی

**سامانو بابانو کاروانو دیموکراسیەکەی لێ تێکدان، دیموکراسی ودڵسۆزیو مافی مرۆڤەکەتان جێگای هەموو شتێکی تیا دەبێتەوە، قاچ بڕین، بریندارکردن، فیشەك تەقاندن، گوێ گرتنو دانیشتن لەسەر دابەشکردنی سەروەتو سامانی ئەم کۆمەڵگایە، ئیئتلاف دروست کردن لەگەڵ برای سوننی وشیعەو تورکمانو ئاشووری کەهەمووی بۆ باشتر بردنە پێشەوەی بەرژەوەندیەکانتانە...**

دیموکراسی ودڵسۆزیتان تەنها جێگای کەرامەتو حورمەتی ئینسانی تێدا نابێتەوە، دیموکراسی وا هەزار جار پیرۆزی خۆتان بێت، چیبکەین ڕەنگە حەق بەئێوە بێت چونکە بۆ خۆتان لە سووچێکدا سەرگەرمی پڕۆژەو خزمەتگوزاریەکانی ئەم کۆمەڵگایە بووبن، ئێمە لێمان تێکدان بەو بەیانیەیە ڕێکەوتی 2005/9/7 ڕۆژی چوار شەمە، بووینە خوێنە خۆری ! ئەو خەڵکەو کاروان قاچی بڕایەوەو سامان وبابانیش بریندار بوون خۆ برا پۆلیسەکان وتیان بێدەنگ بن و شتیەوانەکەن داوای ئاوو کارەباو سووتەمەنی بکەن چونکە ئێمە چەکمان بۆفیشەك نانەوەبە خەڵکەوە پێیە بۆ ڕۆژێکی تەنگانەی وانەبێت بە کەڵکی چی دێت.